# ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت بە خەڵکی بەهەشت؟ هەموو لاوازێکی بە لاواز دانراو، ئەگەر سوێند بخوات کە خوای گەورە کارێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێی دەکات

لە حاریسەی کوڕی وەهبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بوو کە -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت بە خەڵکی بەهەشت؟ هەموو لاوازێکی بە لاواز دانراو، ئەگەر سوێند بخوات کە خوای گەورە کارێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێی دەکات، ئایا پێتان بڵێم سەبارەت بە خەڵکی دۆزەخ؟ هەموو وشک وڕەقێکی ناملکەچ کە هەر پارە کۆدەکاتەوە (تەماحکارە) ونابەخشێت وخۆبەگەورەزانە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێك لە سیفەتەکانی خەڵکی بەهەشت وخەڵکی دۆزەخ باسدەکات. زۆرینەی خەڵکی بەهەشت، ئەم سیفەتەیان تێدایە: (هەموو لاوازێك بەلاواز دانراو)؛ واتا: سادەیە وملکەچە بۆ الله -سبحانه وتعالى-، وخۆی بۆ الله زەلیل کردووە، هەتاوەکو هەندێك لە خەڵکیش بە لاوازی دادەنێن وبە کەمی دەزانن، ئەم کەسە کە خۆی ملکەچ وزەلیل کردووە بۆ الله ئەگەر سوێند بە الله بخوات وەکو دڵنیاییەك بە بەخشندەیی الله -سبحانه وتعالى-؛ ئەوا الله سوێندەکەی بۆ جێبەجێ دەکات، و وەڵامی داوا ونزاکەی دەداتەوە. وزۆرینەی خەڵکی دۆزەخ؛ ئەم سیفەتانەیان تێدایە: 1- (وشك وڕەق)؛ وخراپەکار لەکاتی قسەدا، یان زمان پیسە کە ملکەچ نابێت بۆ هیچ خێرێك. 2- (تەماحکار)؛ خۆی بەگەورە دادەنێت، وزۆر خۆرە، ولڕووی لاشەیەوە بەهەیکەلە، ولە ڕێکردنیدا شانازی دەکات، وخو ڕەوشتی خراپە. 3- (خۆبەگەورەزان)؛ بە ڕەتکردنەوەی حەق وبە چاوی کەم سەیرکردنی خەڵکی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3573